SORANI

# گیانپارێزراویی لەناو ئۆتۆمبیلدا

## - منداڵ و گەورە

Statens vegvesen

TRYGG TRAFIKK



# هەر منداڵێک باڵای لە 135 سەنتیمەتر کورتتر بوو، دەبێت لەناو ئۆتۆمبیلدا کەرەستەی دابەستنی خۆی هەبێت




§ لە نەرویجدا ئەوە فەرزە کە لەناو ئۆتۆمبیلدا کەسی گەورە پشتێن ببەستێت و هەموو منداڵێکیش بە بەستن زەمانەت کرابێت. هەر منداڵێک کە باڵای لە 135 سەنتیمەتر کورتتر بێت دەبێت بە کەرەستەی گونجاو بۆ کێشی خۆی، ببەسترێتەوە. شۆفێر بەرپرسیارێتیی ئەوەی لەسەرە منداڵی تەمەن کەمتر لە 15 ساڵ لەناو ماشێنەکەیدا بەشێوەیەکی یاسایی ببەسترێتەوە. لە حاڵەتی گیران لە کۆنترۆڵدا شۆفێرەکە غەرامە دەکرێت.

کەسێک کە نەبەسترابێتەوە یان بە هەڵە بەسترابێتەوە، بۆی هەیە زەربەی کوشندەی بەر بکەوێت، تەنانەت ئەگەر خێرایی لێخوڕینەکە زۆریش نەبێت. بۆیە گرنگە هەمیشە منداڵ و گەورەش خۆیان بە پشتێنەکە ببەستنەوە، تەنانەت بۆ چوونە دەرەوەی کورتخایەنیش، وەکو چوون بۆ باخچەی ساوایان یان بۆ قوتابخانە.

**کەرەستەی بەستنەوەی منداڵ:**
کەرەستەی بەستنەوەی منداڵ بەپێی کێشی منداڵەکە دابەش کراوە بەسەر چەند جۆرێکدا. زۆر گرنگە کاتەلۆگی کورسیی منداڵەکە بخوێنرێتەوە و ڕێنماییەکانی ناوی بەووردیی ڕەچاو بکرێت تا بە شێوەیەکی دروست لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا دابمەزرێنرێت. دەتوانیت داوای یارمەتیی لەو دوکانە بکەیت کە کورسییەکەت لێ کڕیوە تا بۆت دامەزرێنن لەناو ئۆتۆمیلەکەتدا.

**کەرەستەی دەستی دوو:**
ئەگەر کورسیی دەستی دووت کڕی، باشترە لە پێنج ساڵ زیاتر کۆنتر نەبێت، وە دەبێت دڵنیا بیت لەوەی کە لە ڕووداوی هاتوچۆدا زەربەی پێ نەکەوتووە.



# مـندا ڵی ساوا

## کێشی ٠–١٣ کیلۆگرام (یان تەمەنی ساڵێک کەمتر تا نزیکەی ١٢ مانگیی)

کورسی منداڵ کاتێک کە بە پشتاوپشت دایدەنێیت (واتا بەپێچەوانەی ئاڕاستەی لێخورینی ئۆتۆمۆبیلەکەوە) بە باشترین شێوە گیانی منداڵەکە دەپارێزێت و باشترە منداڵ هەر لە لەدایکبوونەوە ئەم شێوە کورسییەی بۆ دابنرێت.



# منداڵی بچووک:

## کێشی ٩–١٨ کیلۆگرام (یان تەمەنی نزیکەی ١–٤ ساڵ)

منداڵی بچووک دەبێت لە کورسی منداڵدا ببەسترێتەوە. ئەو کورسییانەی کە پشتاوپشت دادەنرێن بە باشترین شێوە گیانی منداڵەکە دەپارێزێت، بەڵام ئەو کورسیانەش کە ڕووەو پێشن ڕێگەپێدراون بۆ ئەو منداڵانەی کە کێشیان لەنێوان ٩ تا ١٨ کیلۆگرامە.

ئێمە ئامۆژگارییت دەکەین کە تا بتوانرێت منداڵەکە تا تەمەنی چوار ساڵیی پشتاوپشت دابنێیت. سەری منداڵ بەبەراورد لەگەڵ لەشی، گەورە و قورسە. بۆیە ئەگەر منداڵەکە پشتاوپشت دابنێیت خەتەری زەربەپێکەوتنی گەورەی مل کەمتر دەبێتەوە لەسەری.

دەبێت پشتێنی کورسیی منداڵەکە بە باشیی توند بکرێت.

# منداڵی گەورە:

## کێشی ١٥– ٣٦ کیلۆگرام یان تەمەنی نزیکەی ٤– ١١ساڵ)



منداڵی لەم کێش و تەمەنە دەبێت لە کورسییەکدا کە پشتی هەبێت یان لە سەرینی ناو ئۆتۆمۆبیلدا ببەسترێتەوە. کورسییەک کە پشتی هەبێت باشتر لە سەرینی ناو ئۆتۆمبیل لەشی منداڵەکە دەپارێزێت، بەتایبەت لە حاڵەتی دەعم و تەسادوفی لە تەنیشتەوە. هەردوو جۆرەکە دەبێت لەگەڵ پشتێندا بەکار بهێنرێت. سەرین یان کورسیی نابێت لەسەر ئەو کوشنانە بەکار بهێنرێت کە تەنها پشتێنی بەستنەوەی ناوقەدی هەیە. وە منداڵەکە نابێت قەت پشتێنەکە بخاتە ژێر باڵی، چونکە ئەوە بۆی هەیە لەحاڵەتی ڕووداودا ببێتە هۆی ئەوەی زەربەی کوشندە بەر لەشی منداڵەکە بکەوێت.





# گەورە لە ناو ئۆتۆمبیلدا



## پشتێنی ناو ئۆتۆمۆبیل ژیان دەپارێزێت
لەناو ئۆتۆمبیلدا فەرزە بەردەوام پشتێن بەکار بهێنرێت، تەنانەت ئەگەر لە کورسییەکانی دواوەش دانیشیت. هەر نەفەرێکی سەروو تەمەن ١٥ ساڵ ئەگەر پشتێنی نەبەستبێت غەرامەی مالیی دەکرێت.

## بەردوام پشتێن بەکار بهێنە، تەنانەت بۆ دەرچوونی کورتخایەنیش
بەبێ پشتێن ئەگەری زەربەی کوشندە هەیە لە کاتی ڕووداوی هاتوچۆدا، تەنانەت ئەگەر ئۆتۆمبیلەکە تیژیش لێ نەخورێت. تەنانەت لە کاتی لێخورینی هێواشیشدا (بۆ نموونە ٥٠ کم لە سەعاتێکدا) زۆر بەهێز دەکەویت بە سوکانەکەدا یان بە جامی پێشەوەدا یان بە هەر شوێنێکی تری ئۆتۆمۆبیلەکەدا. ئەوەش ڕەنگە زەربەیەکی گەورەی جەستەیی لێ بکەوێتەوە یان ڕەنگە ببێتە هۆی مردن.

## سکپڕ؟
ژنی سکپڕیش وەک هەر کەسێکی تر دەبێت پشتێن بەکار بهێنێت. پشتێن باشترین زەمانەت دەدات، هەم بۆ ژنەکە و هەمیش بۆ منداڵەکەی ناوسکی. بەر لەوەی پشتێنەکە توند بکرێتەوە، دەبێت بەشی خوارەوەی کە لەناو قەد دەبەسترێت، لەنێوان ژێرسک و ڕان ببەستێت.

# کیسەی هەوا

کیسەی هەوا ئەمنییەتێکی زیاتر بۆ گەورەساڵان دابین دەکات. بۆ ئەوەی کیسەی هەوا بە چاکیی ڕۆڵی خۆی ببینێت، دەبێت بەردەوام پشتێنەکەت بەستبێت.

هەبوونی کیسەی هەوا لەبەردەم ئەو منداڵانەدا کە لە کورسیی منداڵاندا دانراون بۆی هەیە مەترسی بۆ سەر ژیانیان هەبێت. کیسەی هەوا بۆ گەورەساڵان دروست کراوە و بە خێراییەکی زۆر و بەهێزەوە دەردەپەڕێت کە ڕەنگە ئەزیەتی زۆر بە منداڵ بگەیەنێت. بۆیە منداڵی باڵاکورتتر لە ١٤٠ سم نابێت لە پێشەوە لای شۆفێرەوە دانیشێت ئەگەر لەوێدا کیسەی هەوا هەبێت.



لە هەندێک ئۆتۆمبیلی جۆری نوێدا کەسێک دەتوانێت کیسەی هەواکە لێ بکاتەوە ئەگەر منداڵ لەپێشەوە دانیشت. لە جۆری تری ئۆتۆمبیلدا دەبێت کیسەی هەواکە لای فیتەر لێ بکرێتەوە. ئەو کیسە هەوایانەی کە بچوکن و لە لاکاندا یان لە سەقفی ئۆتۆمبیلەکەدا هەن، بۆ منداڵ خەتەرناک نین بەو مەرجەی منداڵەکە بە شێوەیەکی دروست بەسترابێتەوە.

# کاتێک کە چەندین کەسن لە ئۆتۆمبیلێکدا؟

هەموو ئەوانەی کە لە ئۆتۆمبیلەکەدان دەبێت شوێنی دانیشتن و پشتێنی خۆیان هەبێت. یاسا ڕێگا نادات ژمارەیەکی زیاتری نەفەر لە ژمارەی ڕێگەپێدراو سواری ئۆتۆمبیلێک بن. ئەوەی منداڵێک لە باوەشت دانیێت هەم نایاساییە و هەمیش زۆر خەتەرناکە. هەروەها ئەوەیش نایاساییە چەند منداڵێک یان چەند گەورەیەک یەک پشتێنیان هەبێت.

# زانیاریی زیاتر لە
# ئینتەرنێتدا هەیە

**www.tryggtrafikk.no**
لە سایتی ئینتەرنێتیی دەزگای لێخورینی بەئەمان [Trygg Trafikk]-دا زانیاریی زیاتر سەبارەت بە بەستنەوەی منداڵ بە شێوەیەکی دروست، سەبارەت بە پشتێنی ناو ئۆتۆمبیل، سەبارەت بە فێربوونی شۆفێریی، سەبارەت بە منداڵ و لێخورینی پاسکیل و ڕێگەی قوتابخانە و چەندین بابەتی تر هەیە.

**www.vegvesen.no**
لە سایتی ئینتەرنێتیی کەرتی دەوڵەتیی ڕێگاوبان [Statens vegvesen] زانیاریی سەبارەت بە فێربوونی شۆفێریی، سەبارەت بە گۆڕینی مۆڵەتی شۆفێریی دەرەوەی وڵات بۆ مۆڵەتی نەرویجیی، سەبارەت بە تۆمارکردنی ئۆتۆمبیل و چەندین بابەتی تر هەیە.





ئەم نامیلکەیە بە هاوکاریی کۆمپانیاکانی زەمانەت لە نەرویج دەرکراوە.
*Oversatt ved Tolketjenesten i Oslo, februar 2010*